

# شيعرو فةلسةفة

بةشي سييةم

دارا مةحمود

## رِةشبينيي لة شيعرو فةلسةفةدا

چەمکی نامۆبوون، کە چەمك و مژارێکی ئالۆزو شێوازێکی بیرکردنەوەو لێدوانی فەلسەفەی ڕۆژئاواییە. لە جیهانی شیعریشدا پانتاییەکی گەورە لە بیری شاعیرانی رۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا و هەروا لە جیهانی عیرفان و تەسەوفیشدا داگیردەکات. نامۆبوونی مرۆڤ و تەنیاییەکەی بە ژیان. دڵشکان و بێهیوابوونی لەبەرانبەر مەرگدا، نائاشنایی و ناشارەزایی بە کون و کەلەبەرەکانی ژیان و سەرئەنجام، گەیشتن بەو ئاکامەی کە هیچ نازانێت. نەخۆشی و پیری و هەژاری و دەردی سەرییەکانی تری ژیان. جیاوازیی بیرکردنەوەو دیدو حەزو ئارەزووەکان و نەگەیشتن بە هاودەم و هاوڕاز و سروشتێك و خوایەك کە هیچی لە بارەوە نازانێت... وا لەمرۆڤ دەکەن خۆی و سروشت و جیهانی دەوروبەری و هەموو شت نامۆ ببینێت. و نالی دەڵێت:

نالی ئاسوودە نیە تووڵە نەمامی عومرت

بەنەفەس دێت و دەچێت ئەسڵی لەسەر باییکە

ئەم دڵشکانە گەورەیە! شاعیرو فەیلەسوف و سۆق ڕادەکێشێتە ناو تاریکییەکی قوڵ و دەیانخاتە سەر ڕێچکەی ڕەشبینی. مرۆڤ لەو کاتانەدا دەستەوەستان و بێ وەلاَم لەبەردەم پرسە گەورەکاندا دۆش دادەمێنێت و داهاتووی خۆشی هەر لەحزە دەبینێت کە مەرگێکی حەتمییە و تروسکەی ئومێدێك نابینێت کە ڕەنگە سەرئەنجام جۆرێکی تر بێت. بۆ گەلێکان بەرگری و دڵخۆشکردن تەنیا خۆفریودانێکەو بەس. و لەوکاتانەدا مرۆڤ دەکەوێتە گەڕان بەدوای ئەوپرسەی کە ئەگەر منێکی بێدەسەلاَت لەبەرانبەر مەرگ و لەناوچووندا حەتمییەتی داهاتوو، و چارەنووسی خۆم وا بەروونی لە پێش چاومە ببینم. ئیتر واتای ژیان چییەو دڵ بەکوێی خۆشکەم..؟ ئەم شێوازی بیرکردنەوەو دیتنە، ڕەشبینان لەو خاڵەدا یەکدەخات کە ژیان بریتییە لە چەشتنی تاڵی و خەم و ئازار. و لە هیچەوە دەست پێدەکەی و دەگەڕێیەوە بۆ هیچ..! ئەمەش بنەمای هێنانەکایەی قووتابخانەیەکی فەلسەفییە کە بریتییە لە پووچگەرایی. و هەروەك زۆر پرس و مژاری تر لە گەڵ دیرۆکی فەلسەفەو بیری مرۆڤدایە.

شاعیری یونانی (تیوگنیس) کە لەسەدەی شەشەمی پێش میلادا ژیاوە ڕوو لەخوای خۆی دەکات و دەڵێت: (ئەگەر خوداوەند هەروەك بۆخۆتان دەڵێن خاوەنی هێزو توانایە ئەی چما بێدادی بەسەر عەدالەتدا و شەڕ بەسەر

خێردا سەردەکەوێت..؟) پاشان دەڵێت: ( باشتر وایە دانیشتوانی زەوی هەر لەدایك نەبن و چاویان بەتیشکی هەڵاتووی خۆر نەکەوێت. و ئەگەر لەدایکیش بوون باشتر وایە هەرچی زووتر دەرگاکانی غەیب ببڕن و لەژێر زەویدا لێی بخەون)28

هەروا بیری بوداو فەلسەفەی بودایزمیش سەرتاپا ڕەشبینی و بێهیواییە بەژیان. و بودا ژیانی تەنیا ئێش و ئازار و ڕەنج دەدیت و لەو باوەڕەدابوو کە سەرچاوەی گشت ژان و بەخت ڕەشیەکانیش خولیایی مرۆڤ و تێر نەبوون و هەڵپەی هەمیشەییەتی بەرەو چێژ و خۆشبەختی و ئەمانەش ئەو خاڵانەن کە مرۆڤ هیچکات پێیان ناگات و ئەگەر بە یەك یان چەند ئامانجیش بگات بەردەوام ئامانجی تر لە بەر دەمیدا قوت دەبنەوەو بەواتایەکی تر مرۆڤ بەردەوام لەچەشتنی ئازاری گەڕان بەدوای چێژو خۆشیەکانیدایە. کەواتە تاکە ڕێگای ڕزگاربوون لەو ئازارە بێ کۆتاییە دەستهەڵگرتنە لەو حەزو ئارەزووانە. و دەڵێت: ( جیهان گڕی گرتووە. چاو گڕی گرتووە. و شتە عەینییەکان گڕیان گرتووە. بەچی..؟ بە ئاگری ئارەزوو، ئاگری کینە، بە لەدایکبوون، بەتەمەن، بە ئازار، بە ئاه و ئەفسوسەکان، بە ڕەنج و ئازارەکان،، بە پەلامارو بێهیواییەکان)( و ڕزگاربوونیش لە خۆنەبەستنەوە بە شتەکان و کپکردنی حەزو ئارەزووەکاندایە.) 29

بەڵام هیچکات فەلسەفە ڕەشبینێکی وەك فەیلەسوفی ئەڵمانی ئارتوور شوپنهاوەر(1688-1865) ی بە خۆیەوە نەدیوە. و بە ڕاستی باوك یان پادشای ڕەش بینانەو لە سەر عەرشی ئەم قووتابخانەیەدا بێ ڕەقیبە.

شوپنهاوەریش وەك بودا، بەڵام سەرسەختانەتر و بەشێوازێکی تر هەر پێیوایە کە بنەمای ژیان ڕەنج و ژانە. چێژوخۆشی تەنیا بۆ لابردنی ئازارو خەمەکان و خۆ مەژوڵکردن و لەبیربردنەوەیانە. و ئەو پێیوایە مرۆڤ ئەگەر بخوازێ ڕادەی بەختەوەریی خۆی بپێوێ نابێ پشت بە ڕادەو چەندایەتی و چلۆنایەتی خۆشی و چێژەکانی ببەستێت. بەڵکو دەبێ پشت بەو ئازارانە ببەستێت کە لەژیاندا توانیویەتی خۆیان لێ ببوێرێ و لە دەستیان دەربازبێت. مرۆڤیش تا ڕادەی تێگەیشتنی لەسەرتر بێت خەم و ئازاریشی پترە. و چەشتنی ئازار تایبەتە بە ڕەگەزی مرۆڤ. چونکە پتر پێشبینی ئازارەکان دەکات، رابردووش وەبیر دێنێتەوە.

شۆپنهاوەر پێیوایە مرۆڤ هێندەی بواری هەڵبژاردن لەبەردەمدا نییەو هەرچییەك بکات و هەرچییەك هەڵبژێرێت چارەڕەشی و خەم و ژانەکانی لە کۆڵی نابنەوەو دەڵێت: تاوێك خۆشبەختی تەمەنێك چارەڕەشی بەدواوەیە. زەماوەند ناکەی دژوارە، دەیکەی هەزار دەردی سەریی لەگەڵدایە...30

شوپنهاوەر هێندە ڕەشبینەو ژیان پوچ و بێواتا دەبینێت کە پێیوایە مرۆڤ تازووە دەبێ خۆی لەو ژیانە ڕزگاربکات. تاکە ڕێگای خۆرزگارکردنیش مەرگەو بەس. و دەڵێت: مرۆڤی مەزن ئەو کەسە نییە لەشەڕدا سەرکەوێت. بەڵکو ئەو کەسەیە مردنی پێ لە ژیان باشتر بێت.31

کاکڵی فەلسەفەی شوپنهاوەر لە (تیۆری خواست)ەوە سەرچاوە دەگرێت و بنەماکەی ئەمەیە کە ژیان بریتییە لە خواستێکی کوێرانەو ئەوەی ژیان بەڕێوەدەبات خواستە. وئەوەی مان و هەبوونی گیاندارانی عاقڵ و غەیرەعاقڵ ڕادەگرێت خواستە نەك عەقڵ.و بەلای ئەوەوە خواست گەوهەری مرۆڤ و تەنانەت گەوهەری ژیان و لەمە بەولاوەتر گەوهەری بێ گیانانیشە. و دەڵێت ( ئەوەی یەکجار تووڕەم دەکات ئەمەیە بەهۆکارو سەلماندن و ماندووبوون بمانەوێ قەناعەت بەکەسێك بکەین. لە ئاکامدا ڕوونبێتەوە کە ئەو نایەوێ تێبگات. و وپێویستە خۆ بگەیەنینە خواستی ئەو نەك عەقڵی.) و پاشان دەڵێت( گەمژەترین کەسێك کاتێك ئەوبابەتەی لەگەڵی باس دەکەی پەیوەندی بە خواست و ئارەزووەکانییەوە هەبێت یەکسەر لێت دەبێتە مرۆڤێکی داناو زیرەك)32

شوپنهاوەر کە تروسکەیەك شادی لە ژیاندا نابینێت، بەلای ئەوەوە مرۆڤ لەهەر لەحزەیەکی ژیانیدا لەسێبەری مەرگدا ژیان بەسەر دەبات و ژیان تەنیا چاوەڕوانییەکە لە نۆرەی مەرگدا. و سەرتاپای ژیان بە حاڵەتی ئەو مشکە دەچوێنێت کە بۆتە نێچیری پشیلەیەك و بەر لە خواردنی یاری پێدەکات و دەڵێت: (ژیانی جەستەی ئێمە لە گیاندانێك کە کۆتاییەکەی وەدوا دەکەوێت بەولاوە شتێکی تر نییە. ژیان بەواتای مردنێك کە جێبەجێکردنی وەدواخراوە. هەر مژەهەوایەك هەڵی دەمژین مردنمان لێ دووردەکاتەوە، بەڵام مەرگ هەمیشە ئامادەیە. و لەسەرمانە لەحزە بە لەحزە لەگەڵیدا بەشەڕبێین. و لەگەڵ هەر نانخواردنێکدا. یان خەوتن و گەرمبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەرگدا لەشەڕداین. بەڵام سەرئەنجام هەر مەرگ سەردەکەوێت. ئەوەی مەرگ بە ئێمەی دەکات یاری پێکردن و پێڕابواردنە بە نێچیر..) 33

ڕەشبینیی هەروا لەناو شاعیرانیشدا دەچێتەوە سەر هەمان ڕێچکە فەلسەفییەکەو جەخت لەسەر ئەو پەیامە دەکاتەوە کە ژیان پوچ و بێواتایەو لە خەون وخەیاڵێك یان تراویلکەیەك بەولاوە شتێکی تر نییە. لەسەر ئاستی جیهانیی شاعیرانی وەك: بودلێر، بایرون، شیلی..و لەناو ئەدەبی عەرەبیشدا ناودارترین ناوێك لەم ڕووەوە (ابوالعلاء المعري-963-1057) ە و لە ئەدەبیاتی فارسیشدا عومەری خەیام...

مەعەری، لە ڕەشبینیدا هاوتای شوپنهاوەرەو باوکی ڕەشبینانی ڕۆژهەڵاتە، و لەڕاستیدا دەبێ ئێمە شوپنهاوەر بە مەعەری بچوێنین نەك پێچەوانە چونکە نزیکەی حەوت سەدە بەر لە شوپنهاوەر ژیاوەو لە ڕەشبینیدا بۆڕی ئەویشی داوە. ئەو ژیان هێندە پوچ و بێواتا دەبینێت کە بنبڕکردنی لە ڕێگای ڕاگرتنی زاووزێ بەکارێکی شیاوو لۆژیکمەندانە دەزانێت. چونکە بەلای ئەوەوە ژیان جگە لەسەرهێشەو دەردی سەریی واتایەکی تری تێدا نییە. و باشتر وایە هەر لە بنەڕەتدا ژیان لەسەر زەوی کۆتایی پێ بێت. ودەڵێت:

وما لنفسي خلاص من نواقبها

ولا لغيري، الا الكون في العدم34

واتا هیچکەس لە کێشەو دەردیی سەریەکانی ژیان قووتار نابێت، مەگەر ئەوەی بمرێت و ببێتە عەدەم.

ئەو، هێندە بێهیوابوو، تەنانەت باووەڕی وانەبوو کە لە بووندا مرۆڤی باش و سەر ڕاست هەبێت. جیهانی بەمەکۆی شەڕو فەساد و ئاژاوە دەدیت و دەڵێت:

فالطبع في كل جيل طبع ملامةٍ

وليس في الارض مطبوع علي الكرم35

واتا سروشتی مرۆڤ ناکەسی و هیچوپوچی و شەڕانیی بوونە. بۆیە لەم سەرزەمینەدا مرۆڤی باش نییە.

هەروا دەڵێت:

وكلنا قوم سوء لااخص به

بعض الأنام لكن اجمع الفرقا36

واتا، ئێمە (مرۆڤ) هەموومان خراپین. و خراپی تایبەتمەندی گروپێك یان نەتەوەیەك نییەو خەسڵەتی سەرتاپای خەڵکە..

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە مەحویش لەدەربڕینێکی جیاوازدا کە دەتوانین هەمان پەیامی لێوە هەڵێنجین دەڵێت:

لەمانمدا نەدیوە حایلێ غەیری تەوەحوش من

خودا پێداو ئەوانەن لەم وحوشستانە زوو ڕۆیین

حافزیش دەڵێت:

هرکه امد به جهان نقش خرابی دارد

در خرابات مپرسید که هشیار کجاست

واتا، هەر کەس هاتە ئەم جیهانە ڕۆڵی خراپی هەیە. و لە خەرابات (مەیخانە)، کە خودی جیهانە بۆ هۆشیارێك مەگەڕێ چونکە مرۆڤەکانی ئەم جیهانە گشتیان سەرخۆشی ژیانن و بە واقیعی خۆیان نامۆن...

لەرەشبینیدا مەعەری و مەحوی و حافز شیاوی بەراووردکردن نین. چونکە ڕەشبینی حافزو مەحوی گەلێك جیاوازە لەوەی مەعەری. ڕەشبینی خەسڵەتی هەرەدیارو گەوهەری شیعرەکانی ئەبولعەلای مەعەریین. لە حاڵێکدا ڕەشبینی مەحوی و حافز، سۆفیانەیەو لەئاکامدا بەگەشبینی کۆتایی دێت.

ئەبولعەلای مەعەری چەندە لەژیان و لە مرۆڤ بێهیواو ڕەشبینە چەند ئەوەندە بە ڕەگەزی ژن. ئەو کە تەواوی ژیانی بەنابینایی، لە تەنیایی و ڕەبەنیدا بەسەردەبات. جامی تووڕەیی خۆی بەسەر ژندا خاڵی دەکاتەوەو زۆر نیگەتیڤانە بۆی دەڕوانێت و بە مەخلوقێکی دادەنێ کە سەرچاوەی زۆر گرفت و دەردیی سەرییە. و لەهەمان کاتدا جێگای باوەڕو دڵ پێخۆشکردن نییەو دەڵێت:

فأن هنّ أبدين المودّة والّرضى

فكم من حقودٍغُيّبتْ في السّرائر37

واتا ئەگەر (ژنان) خۆشەویستیت بۆ دەردەبڕن ئەوە بزانە کەدەبێ چەندەشیان کینە لەدڵدا هەڵگرتبێت.

هەستی ڕەشبینیی و پووچ دیتنی ژیان ڕەنگە کەم و زۆر لە هەر مرۆڤێکدا هەبێت. بە تایبەتی لەناو بیرمەنداندا کە پتر لە واتای مەرگ و ژیان دەگەن. چونکە ئیترکەسێك نییە نەزانێ ژیان شتێکی یەکجار کورت و کاتییەو هەروەك خەونێك دێت و دەڕوات. بەڵام ئەم شێوازی ڕەشبینییە جیاوازە لە نێوان مرۆڤێکی خاوەن باوەڕی ئاینیی و بێ باوەڕێك. چونکە گەرچی خاوەن باوەڕیش هەراسی خۆی لەدەست مەرگ پێ ناشاردرێتەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو خوایەك شك دەبات و نەمان و فەوتان و توانەوەو بوون بەهیچ، بەگەڕانەوە بۆ خوا یان (فناء في الله) دەزانێت. و تەنانەت لە نێو بێ باوەڕانیشدا ڕەشبینی ڕەها کە هەموو شتێك پوچەو تا زوورتر مرۆڤ کۆتایی بەژیانی بێت یان خۆی کۆتایی پێ بهێنێت جیاوازە لەهی ئەو ڕەشبینییەی کە لەسەر ئەو باوەڕەیە مادام ژیان کورت و گوزەرایەو مرۆڤ لەچاوەڕوانی مەرگێکی حەتمیدایە پێویستە واتا و بایەخ بەژیان ببەخسێت و خۆشیی بخوڵقێنێت. و هیوا لەخودی ژیاندا ببینێت نەك لەدەرەوەی.

ئەوەتا ڕەفیق سابیر کاتێك دەڵێت: ژوانی عەدەم دیارە باوەڕی وایە مرۆڤ دوای مەرگی دەچێتە عەدەمەوە. ئیتر کاتێك بەمجۆرە لە ژیان و مەرگ بگات لەوەی ڕەشبین بێت بەولاوە، چارەیەکی تری نییە. بەڵام بەشێوازێکی تر. شێوازێکی سۆفییانە نەك نهلیستی. ڕەشبینە بەڵام دڵی بەژیان خۆشەو گەلێك جوانی تێدا دەبینێت. هیچکاتیش تروسکە هیوای خۆی لەدەست نادات و دەڵێت:

تەمی زەمان هەر شتێکی داپۆشیوە

تروسکەیەك هیوا نەبێت

هەروا ڕەفیق ژیان و تەنیایی و نامۆیی مرۆڤیش وەك چەند شتی ڕەها نابینێت. بەڵكو دەكرێ جوان بن یان ناشیرین، پۆزەتیف بن یان نێگەتیف، پوچ بن یان واتادار...

دەشێ تەنیایی دووریان بێت

بەرەو وێڵبوون یان خۆناسین

ژیانیش هەڵەموتێك بێت

بۆ هەڵدێران یان هەڵفڕین

ڕەشبینیی سۆفیانە، ڕشبینییەكی ڕەها نییە. بەڵكو دەكرێ بە خۆشبینییەكی بچوێنین كە ئاوێتەی خەمە. گەرچی ژیان وجیهانی مادی بۆسۆفییەك بێواتایە و تاكە شتێك كە دەتوانێ ژیان جوان بكات كشان بەرەو كامڵبوون و ئەویندارێتی خوایە كەچی ئەمجاریش حافز دەڵێت:

سبزاست درودشت بیا تا نگذاریم

دست از سرابی كە جهان جملە سراب است

واتا، سەیری ئەم سروشتە جوانەكە! گەرچی لەسەرابێك بەولاوە نییە بەڵام چێژی لێ وەرگرە تا لەبەر دەستدایە، دەنا سەرابەگەورەكەی تر كە جیهانە ئەویشت لێ دەستێنێت..!

بەلای زەردەشتیشەوە مرۆڤ لەدەست خۆیدایە لە ژیانیدا بەختەوەر بێت یان بەختڕەش. جیهانی مادی و خۆشی و چێژەكانیشی بۆ ئەوەنین مرۆڤ خۆیان لێ ببوێرێ. بەواتایەكی تر مرۆڤ دەبێ هەم مەرگی لەپێش چاو بێت و هەم ژیانیش. با چێژ لە ژیان وەربگرێت بەڵام مەرگیشی بیر نەچێتەوە دەڵێت: (خۆت بەخەفەتانەوە ئازار مەدە. چونكە خەفەتبار هەست بە چێژی ژیان و خۆشی ڕۆحی ناكات)و(بەژیانی خۆت مەغرور مەبە چونكە سەرئەنجام نەمان و لەناوچونت لەكۆڵت نابێتەوە بەشە لەناوچووەكەت جارێكی تر دەگەڕێتەوە زەوی) 38

## ماویەتی

سەرچاوەو پەراوێزەكان:

28- عادل العوا، مذاهب السعادة، دار الفاضل، دمشق 1991. ص13

29- هەمان سەرچاوە- ل16

30- محمد علی فروغی. سیر حکمت در اوروپا. بڕوانە: مرتضي مطهري_ عدل الهي_ انتشارات صدرا چاپ هفتم_ ابان 1372ص76(لەسەرچاوەی دووەم ئاماژە بەلاپەڕەو دەزگای بلاوكردنەوەو ساڵی سەرچاوەی یەكەم نەكراوە)

31- الاممية البنانية United lebanese internationnal –ثقافة وفن- نافذة علي تاريخ الفلاسفة والمفكرون- شوبنهاور 23-03-2005

32- عادل العوا. سەرچاوەی پێشوو. ل 193-210

33- هەمان سەرچاوە.

34- فرزانة غفاري- المراة في آراء المعري_ سایتی دانشگاه امام صادق- بەشی عەرەبی

35- هەمان سەرچاوە

36- هەمان سەرچاوە.

37- هەمان سەرچاوە.

38- عادل العوا- سەرچاوەی پێشووول17